# یاسای دووەمین درێژ کردنەوەی ماوەی یەکەم خولی هەڵبژارنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەل
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ١
رۆژی بڕیار:١٩٩٦/٦/٣

**«بڕیار»**

بەپێی حوکمەکانی برگە(١و٢)ی مادده(٥٦) لەیاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی نائاسایی خۆی رۆژی ١٩٩٦/٦/٣ لەنێوان (شاوەیس و مەلائۆمەر ـ هەولێر) دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٦
## (یاسای دووەمین درێژ کردنەوەی ماوەی یەکەم خولی هەڵبژارنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق)

**ماددەی یەکەم:**
خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە رۆژی (١٩٩٦/٦/٤)وە بۆ ماوەی(٣) سێ مانگ درێژ دەکرێتەوەو قابیلی درێژ کردنەوەی دیکەشە.

**ماددەی دووەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت ولە رۆژنامەی رەسمیدا بلاودەکرێتەوە.

**نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا**
**لەجیاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»

بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن ـ ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ـ هەموارکراو ـ ڕۆژی ١٩٩٥/٦/٤ دیاریکرابوو بۆ کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. ئەم ماوەیەش لەتەواو بووندا بوو بێ ئەوەی بارێکی گونجاو بۆ گەلی کوردستان برەخسێ تا مافی خۆی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ خولی دووەم پیادە بکات. ئەمەیش وای لە ئەنجوومەن کرد یەکەمین خولی هەڵبژاردنەکەی بۆ ماوەی یەک ساڵ درێژ بکاتەوە کە لە١٩٩٦/٦/٤دا کۆتایی بێت، بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٥. هەموو ان بەهیوابوون شەڕی ناوەخۆ بەکۆتا بێت ئاشتی بگەڕێتەوە وهەڵبژاردنێکی گشتی ئەنجام بدرێت بەڵام، بەداخەوە ماوەی یەکەمین درێژ کردنەوەکە لە تەواوبووندا بوو بەبێ جێبەجێ بوونی ئەوەی هاووڵاتیان ئاواتیان بۆ دەخواست، کەهەڕەشەی لەنێوچوونی سیستەمی سیاسیی هەرێم ودەزگا شەرعییە هەڵبژێردراوەکەی وئەزموونە دیموکراتییەکەی دەکرد. بۆیەکا پاراستنی دەستکەوتە مێژووییەکەی گەلەکەمان ورزگارکردنی ئەزموونە دیموکراتییەکەی مەسەلەیەکی چارەنووسساز و ئامانجێکی نەتەوەیی ونیشتمانی یە، بۆ ئەم مەبەستە و وەکو هەوڵێک لەم پێناوەدا ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەم یاسایەی دەرکرد.